# غەزەبی خودا یان لۆژیکی مەلا!

### سەبارەت بە لێدوانی هەندێ مەلا و کادری حزبە ئیسلامیەکان لەسەر کارەساتی لافاوی هەندێك ناوچەی کوردستان

**ئیرۆن عومەر**

لەوانەیە ئەگەر کۆلکە مەلایەك لەوانەی زانیاری ئایینییان تەنها شتێك لە پیرەمێرد و پیرەژنە نەخوێندەوارەکانی کوردەواری واوەترە و ئایینەکەیان بەدەستیانەوە لە تۆپەلێك ئەفسانە و کۆمەڵێك قسەی بیٚ بنەما زیاتر نیە و لە گویٚی مرۆڤە هەژار و نەزانەکانی دەئاخنن و زانیارییەکانیان تەنها ئەوەیە کە بە فەقێیەتی لە مەلاکانی گوندە دوور و لاتەریکەکانی کوردستان وەریان گرتووە و چوارکتێبیان لە دەرەوەی مەنهەجی مەلای دەرس وێژ نەخوێندۆتەوە و سەرەنجام خۆشیان بوون بەو مەلایەی لە یەکێك لە مزگەوتەکانی گەڕەکە هەژارنشینەکانی شارەکان یاخود یەکێك لە گوندە لاتەریکەکانی کوردستان جێیان بۆتەوە و لە جیهانی نویٚ و لە ژیانی هاوچەرخ بیٚ خەبەرن و مەوعیزەکانیان هەر بەدەوری ئەوەدا خول دەخواتەوە کە گوایا خودا کێوی (ئوحد)ی سەرلەبەر بۆ پێغەمبەر کردووە بە زێڕ بەڵام ئەو نەیویستووە و هەر ئەو پێغەمبەرە خۆشەویستە لە ناوەڕاستی بیاباندا شەقی لە زەوی داوە و کانیاوی لیٚ هەلقوڵیوە و هەزار ئەسحابە لە مەنجەڵێك یاپراخ تێریان خواردووە و مەنجەڵەکە هێشتان هەر پڕ بووە ، ئەگەر یەکێك لەو جۆرە مەلایانە و بەو لۆژیکەوە بێتە ئاخاوتن و بڵێت خەڵکینە کارەساتی لافاو و بومەلەرزە و ڕووداوە سروشتیەکانی تر غەزەبی خودایە و خودا لە ڕقی مرۆڤە بەدکارەکان بەسەر مرۆڤە هەژار و بێتاوان و بەدبەختەکاندا دەیبارێنی و دەیانکاتە قوربانی ئەوەی مرۆڤە گوناهبارەکانی پیٚ ئاگادار بکاتەوە تا تۆبە بکەن و ئاقل بن، ئەوە بێگومان ئەو ئاخاوتنانە هیچ کاردانەوەیەکی لیٚ پەیدا نابێت و وەکو وتارە خورافیەکانی تر بۆی دێتە ئەژماردن ، کە ئیدی خەڵك پێیان ڕاهاتوون و هێندە ناچیٚ بە گوێیاندا و بەتایبەتی خەڵکی خوێندەوار و گەنجان هەر لاشی لێناکەنەوە، چونکە هەر ئەو جۆرە مەلایانە بوون کە لە ڕابردوو دا وایانکرد خەڵکی تێگەیشتنێکی ڕاستیان لەبارەی ڕووداوەکاندا نەبێت و نەگۆڕێن و لە ئاست ڕۆژگاری خۆیاندا نەبن ، تاگەیشتە ئەو دۆخەی ئیتر هیچ کاریگەریەکیان بەسەر ڕەوتی ژیانی خەڵکەوە نەمێنێت ، ئەوەی دەیڵێن و دووبارەی دەکەنەوە هیچ سود و زیانێکی نەبێت.

بەڵام کاتێك مەلایەك یان ڕاستتر کادرێکی حزبێکی سیاسی ئیسلامی لە ئاستی بەرپرسایەتیەکی بەرزی حزبەکەی کە خۆیان بە نوێنەری ئیسلامیەتێکی واقیعی و بێخەوش دەزانن و پڕوپاگەندەی تەجدید دەکەن نەوەك تەقلید و لە هەولی خۆگەیاندنە دەسەلأت و بەئیسلام کردنەوەی کۆمەڵگا لەسەر بنەمای گوتارێکی دینی تایبەت بە خۆیان ، ئاراستەی گوفتارەکانی بەرەو ڕووی حەشاماتی مزگەوت و دوایش کەنالەکانی ڕاگەیاندن دەکاتەوە و ڕووداوێکی سرووشتی کە یەکەمجار نیە لێرە و لە هەموو شوێنێکی دنیا ڕوو دەدات ناودەنێت غەزەبی خودا و ئەیبەستێتەوە بە بڵاو بوونەوەی فەسساد و بەدڕەوشتی ، نەك هەر شتێکی نا ئاسایی و ترسناکە بەڵکو چارەنووسی گۆڕان و پێشکەوتنی ولات و کۆمەڵیش دەخاتە بەر مەترسی و قەدەری مانەوە بە دواکەوتوویی و دابڕان لە جیهانی هاچەرخ و شارستانێتی سەردەم .

تۆبڵێی ئەو ئەو فەسساد و بەدڕەوشتیە چی بێت کە لە ناوچەیەکی دێهاتی هەژارنشینی کوردستان بڵاو بۆتەوە و لە هیچ شوێنێکی تر وێنەی نیە و بۆتە هۆی ڕق هەڵسانی خودای گەورە و باراندنی غەزەبی خۆی بە سەریاندا ، تۆ بڵێی ئەو خەڵکە لە ئیسلام هەڵگەڕابنەوە و مزگەوتەکانیان ڕووخاندبیٚ و مەلاکانیان سەربڕیبیٚ وەکو شیعە و سونەی عێڕاق لەبەرامبەر مەلا و مزگەوتی یەکتر ئەنجامی دەدەن و تا ئێستاش ڕەشەبایەك بەلایاندا تێنەپەڕیوە ، یان تۆبڵێی هەموو ئەو خۆکوژانەی بە پشتێنی (تیئێن تی)یەوە لە ناوەڕاستی شەقامەکاندا سەدان مرۆڤی بێتاوان خەڵتانی خوێن دەکەن لەو ناوچە غەزەب لێگیراوە هاتبن ، تۆ بڵێی چەند کەسێك لەو ناوچە کوردەواریانە لە سەردەمی زوو لە خۆشەویستی ماڵی خودا و لە سەفەری حەج نەهاتبنەوە و نەوەکانیان ئێستا لەو فەرمانبەر و پیاوە دەولەتیانە نەبن کە پول و دارایی ولاتی مەکە و مەدینەیەیان بەدەستەوەیە و بۆ پیلانی نێودەولەتی بەکاری دەهێنن بەو هۆیەوە خودا ناوچەی کۆنی باوك و باپیرانی ئەوانی بەهۆی گوناحی نەوەکانیان بەر تووڕەیی خۆی دابیٚ. تۆبڵێی کورتهێنانی بەدجەی کوردستان و بەتالان بردنی سەروەت و سامانی خەڵك بەناوی بودجەی حزبەکان لە لایەن پەرلەمان و لەناویشیاندا حزبە ئیسلامیەکان و خەرجی ئەندام پەرلەمانەکان لە ناویشیاندا ئەندام پەرلەمانە ئیسلامیەکان و موچەی وەزیرەکان لەناویشیاندا وەزیرە ئیسلامیەکان هەمووی گوناحی خەڵکی ئەو ناوچە لافاو بردووە نەبن چونکە ئەوان کاتی خۆی شۆڕش و کوردایەتیان کردووە و لە ئەنجامی خەباتی ئەوان ئەو حکومەت و پەرلەمانە هاتوونەتە دی ؟!، یان مامۆستای بەڕێز باوەڕی بە زانستی جیۆلۆجی و بەو گۆڕانانە نیە کە لە پێکهاتەکانی گۆی زەوی ڕوو دەدەن و هەندێکجار لەچەند هەزارەیەکدا تەواوی

ئەستێرەی زەوی سارد دەبێتەوە و دەبێتە بەستەلەك و هەندێكجاریش گەرم دادێت و دەبێتە ئاتەشپژان(برکان) و تەواوی بەستەلەك دەتوێتەوە و لافاوێكی لەچەشنی لافاوەكەی سەردەمی نوح ڕوودەدات و دوایش دەنیشێتەوە و شارستانیەت و ژیانێكی تر دەست پێدەكاتەوە و هیچیشی بەهۆی غەزەبی خواوە نیە و خودا یاری بە چارەنووس و ژیانی مرۆڤەكان ناكات و مافی ژیانیان لێ ناسێنێتەوە بەهۆی خراپی من تۆوە .

مامۆستای بەڕێز باوەڕی بەوە نیە كە زۆر لە و گۆڕانانانەی لە كەش و هەوا و تۆبۆگرافیای زەوی ڕوو دەدەن و بەستەلەكی دوو جەمسەرەكەی گۆی زەوی هێواش هێواش دەتوێننەوە و بەوەش ئەگەر زانست و پێشكەوتنی تەكنۆلۆژیا و پاراستنی ژینگە فریا نەكەون ولاتێكی وەكو هۆلەند نەك ئەمەریكا ژێر ئاو بكەوێت ئەویش دوای چەند سەد ساڵێك ، هەمووی بەهۆی زۆربوونی كارخانە پیشەسازیەكان و پاشماوەكانیان و دەردانی گاز و دوكەڵ و فراوان بوونی ڕووبەری شارەكان و زۆربوونی ڕێژەی قیڕو كۆنكریت و كەمبوونەوەی ڕووبەری دارستانەكان و سوتانیان و كێبەڕكێی بەرهەمهێنانی ووزە لەسەرچاوە تەقلیدیەكانی سوتەمەنی لە نێوان ولاتە پیشەسازیەكان و تەقاننەوەی باروت تا دەگاتە جگەرەكێشانی مرۆڤەكان لە هۆكارەكانی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی و ڕوودانی هەندێ لە كارەساتەكانن ، نەك قوتووی بیرە و شوشەی ئارەقی قەراخ جادەكان .

مەلای كورد كە دەڵێت باوكو باپیرانمان لە زەمانی خۆیاندا ئاسودە بوونە و ڕەحمەتی خوایان بەسەر داباریوە چونكە بەدكاری و بەدڕەوشتی (مەبەستیان ئازادیە فەردیەكانە) كە ئەمڕۆ هەیە ئەوسا نەبووە ، بۆی هەیە تەنها ئەوانەی تۆزقاڵێك ئاگاداری مێژوو و ڕابردووی خۆیان نین باوەڕ بەو گوتارانە بێنن، چونكە ئێمە نازانین ئەو بەرەكەت و ڕەحمەتە چیە خودای گەورە لە سەردەمی باوك و باپیران و پێشینەكانمان بەسەر كوردەواری دا باراندوویەتی ؟! تۆبڵێی مەلای بەڕێز مەبەستی لە هاتنی لەشكری خەلافەتی دەولەتی عوسمانی و هاوئایینانی سەفەوی نەبێت كە دانەوێلەی بنی هەمبانەكانی ماڵە هەژارەكانی كوردیان هەڵدەڕشتە سەر زەوی و لە نێو قوڕو لیتە بۆیان ئەشێلان دوای ئەوەی بەشی پێویستی خۆیان لێ هەڵدەگرت و ئاژەڵەكانیشیان پێشخۆیان دەدان تا لەڕێگاو لەكاتی برسیەتی و لە شەڕدا سود لە گۆشتەكەی وەرگرن چش لەوەی منالی ئەو ماڵە هەژارانە لەبرسان دەمرن یان نا، بێ ئەوەی هەورە بروسكەیەك لە ڕێگادا چەند دانەیەكیان لێ ڕەوانەی بەهەشت بكات، یاخود مەبەستی بەزەیی و میهرەبانی ئاغا و شێخەكانی كوردە كە دوای ئەوەی خەڵكی هەژار و ڕەعیەتیان دوناردە بێگار و لە نیوەشەویشدا كوڕەكانی خۆیان دەناردە پاڵ هاوسەرەكانیان و هیچ غەزەبێكیشیان بەسەردا نەباری .

ئەگەر بەو لۆژیكەی مەلا لە هەموو كارەساتەكان بڕوانین و بە غەزەبی خوایان بزانین دەبێت پێمان وابێت كارەساتی كیمیا بارانی هەلەبجە و وێرانكردنی هێرۆشیما و هۆلۆكۆستی جولەكەش بە غەزەبی خودا بزانین و سەدام حوسێن و سوپاسالاری ئەمریكای سەردەمی جەنگی دووەم و هیتلەر تێیدا ڕوو سپی و بێ تاوان دەرچن . برسیەتی ئەفریقاییەكان بەهۆی توڕەیی خوا لە گوناحی منالە ئێسقان دەرپەڕیوەكانی بێت و گەردەلولی تسۆنامی بە هۆی غەزەبی خودا لە گوناحی ئاسیاییە ڕووت و ڕەجالە حەسیر نشینەكانی كەنارەكانی زەریای ئارامەوە بێت .

پارتە ئیسلامیە كوردیەكان وابەستەی هەمان ئەوگوتارە خورافیەی مەلاو موجتەهیدە تەسكبین و ناهۆشیارانەی پێشخۆیانن و لەگەڵ كۆمەڵگای مەدەنی و پێشكەوتنی زانست و خەسلەتەكانی ژیانی تازە هەڵناكەن، دژایەتی خۆیان لەبەرامبەر دیموكراسیزم و كرانەوە ناشارنەوە، دەبێ ئیسلامیەكان دان بەوەدا بنێن كە لەڕێگای دیموكراسیەوە دەیانەوێت دەسەلات بگرنە دەست بۆ نەهێشتنی دیموكراسی، گەروانیە پارتێكی ئیسلامی كە هەڵگری گوتارێكی توندڕەو و نادیموكراتە بەچی هەقێك پارە لە پەرلەمانێك وەردەگرێت بەڵام بۆی هەڵناستێتە سەرپێ ، تۆ بڵی ئەم هەڵسانە سەرپێیە وەكو كڕنۆش بردن بێت بۆ لات و عزە و مەنات .

منیش دەڵێم دەسەلات و حكومەتی كوردستان بارستەیەكە لە گەندەلی و پێشێلكردنی مافی خەڵك ، بەڵام بە فەزڵی هۆشیاربوونەوەی خەڵكی كوردستان تا ئاستێك كە هەرچەندە كەمیشە ئەو حكومەت و دەسەڵاتە نەیان توانیوە ببنە زیندانێكی تاریك بۆ خەڵك لەچەشنی ئەوەی تالیبان ، وەلێ دڵنیام ئەگەر حزبێكی ئیسلامی دەسەلات بگرێتە دەست تەجروبەیەك دێنێتە بەرهەم كە سەد قات لە هی تالیبان خەراپتر دەبێت .

من هەرگیز داكۆكی لە حكومەتێك ناكەم كە ئەمڕۆ بچوكترین كێشەی خەڵكی پێ چارەسەر ناكرێت ، پشتگیری هەموو ڕەخنەیەكیش دەكەم كە لێی دەگیرێ و بەڵام بۆمەرامی سیاسی و لە قازانجی هیچ لایەنێك نا ، هەروەها دژایەتی هیچ كەسێك ناكەم لەسەنگەری لایەنێكەوەو وەڵامی بۆچوونەكانی نادەمەوە لە قازانجی لایەنێك ، من وەكو كەسێكی سەربەخۆ گوزارشت لە بیر و ڕای خۆم دەكەم لەبەرامبەر لێدوانی ناڕاست و قسەی بەسەرچوو ، پێم باشە هەموو ئەو نوسەرانەی كە ڕای خۆیان دەردەبڕن و هەموو خەڵكی ئەو ناوچانەی كە هەستیان بریندار كراوە ، چ لەكاتی وەڵامدانەوەیان چ لە ئەنجامدانی خۆپیشاندان تەنها گوزارشت لە هەستی خۆیان بكەن و تەنها لەسەر ماف و مۆڕالیەتی خۆیان وەدەنگ بێن نەك هێزێكی تر سوود لە ناڕەزایەتیەكانیان وەرگرێت ، هەروەها ئیرادەی هاتنەسەر شەقام و خۆ پیشاندان لە بەرامبەر هەموو ئەو لایەن و

کەسانە پیادە بکەن کەمافەکانیان پێشێل دەکەن جا ئەو کەسانە چ بەناو ئیسلامیەکان بن چ بەناو عەلمانی و دیموکراتخوازەکان بن ، نابێ لەبەرامبەر ئەوانەی پێیان دەوێرین دەنگ بەرز کەینەوە و ئەوانەی پێیان ناوێرین نقە لە خۆمان بڕین .